# ڤێلهلم دیلتای
# فەلسەفەی بوونگەری* و مێژوو

ڤێلهلم دیلتای

وەرگێڕانی: کامیل محەمەد قەرەداخی



نیچە وتوویەتی مێژوو "ستەمێکی رۆژئاوایی"یەو مرۆڤی رۆژئاوایی رووی بەرەو هەر کوێ وەربگێڕێت، هێماکانی پەژارەی ئەو ستەمە، هەر هەڵدەگرێ. لەگەڵ ئەوەشدا چەند گەشکە دەبین، بەکورتیی ئەو ماوە مێژووییەی، کە لەنێوان ئێمەو وەچەی ئەفلاتوندا درێژ دەبێتەوە، ئەوە ماوەیەکە لەوانەیە بەزنجیرەکردنی تەمەنی چل کەس (چل وەچە) بپێورێت، بەڵام ئالوودە بوون بەمێژووەوە ئەزموونێکی سەردەمێکی نزیکەو (بەتایبەتیش) ئەوروپاییە، لەپاش ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە، فێری ئەوە بووین، بەراوردێ بەخانەدانانەترین روانینەکانی ئەوروپا بکەین، هەروەها بەخێوەکانیشی. لێرەوە گریمانی ئەوە هەیە (هۆشی مێژوویی) ببێتە جۆرێکی ئەو عوسسابە (نێورۆسین)ە هزرییەی کە کاتێك هەوڵی لێبڕاوانە دەدات، ببێت بە شتێکی تری جیاواز لەخۆی، یان پتر لەخۆی، کەلتووری ئەوروپایی بەتەنهاو جیاواز لەکەلتوورەکانی تر بەرەو رەتکردنەوەی خۆی ببات.

ئەم توانای (تێپەڕاندنی بەرەو باڵاییە) کەلەو عەبقەرییەتە ئارامو رێکوپێککراوەوە دێت، کە کار بۆ زیندوکردنەوەی (چاخە چۆڵەکان) دەکات، دەشتوانێت بەشێواندنی ئەو دڵنیایەی کە تاكو کۆمەڵەکان لێی بەهرەمەندن (ئێستا) پوچەڵبکاتەوە، ئەمەش لەئەنجامی گوێپێنەدانەوە دەبێت، بەو شتانەی، کە ئیتر لەئارادا نەماون، یان هێشتا نەهاتوونەتە ئاراوە. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە مێژوو بەخسڵەتی خۆی، وەك ئیشکالێکی بوونگەری لەشێوەی (ئەبستراکت)دا دەرناکەوێ، بەڵکو لەشێوەی واقعی گوزەرێنراودا دەردەکەوێ.

قەواڵەی بیرکردنەوەی بوونگەرییانە لەو راستییە نافەڵەییەوە دەست پێدەکات کە دەڵێ: (من هەم، کەواتە دەشمرم). لێرەوەو لەم پێگەیەوە هێرش بردنەکەی (کیرکەگۆر) بۆ سەر رەوتی هیگڵی، لەسەر بنەمای هەڵوێستێکی فەلسەفی راناوەستێ، چونکە لەڕوانینی (کیرکەگۆردا) هیگل (شتێکی لەیادچووە لە سەرسامیو حەپەسانی مێژوویی گشتی دەچێ، بەو مانایەی کە منو تۆو ئەو مرۆڤ بین، هەر کەسەو بۆ خۆی)(١). لە دەربڕینێکی تردا، رەوایی (حەقیقەت) هەر چەشنێك بێت، ئەبستراکتکردنێکی پووچ دەبێ، تا رەوایی خۆی لەدەرەوەی ئەو پەیوەندیەی بێت، کە بە بوونەوەری مرۆییەوە هەیەتی، کەوابێ رەوایی لەلای (کیرکەگۆر)، مەسەلەی بەخاوەنبوونێکی ناوەکییانەیە، نەك تەنها زانینێکی ئاوەزکاری، لەبەر ئەمەیە کە رەوایی و (خۆیی) یەکسانبوون.




هایدگەرو سارتەر ئەم پێگەیەی کیرکەگۆریان کردوە بەخاڵێکی جەخت، لەسەرکردنی ئەنتۆلۆژی کە پەیوەندی بەهەموو قەواڵەو لایەنەکانی ئەبستمۆلۆژیاوە هەبێت. سارتەر لەم رووەوە دەڵێ: (گۆشە نیگای ئەبستمۆلۆژیای ئەبستراکت شتێکی ناکۆکە، هیچ گۆشە نیگایەك لەئارادا نییە، گۆشە نیگای ئەبستمۆلۆژیای مولتەزیم نەبێ)(٢). (بردیایێڤ)یش لەسەر ئاستی ئاینی، هەمان هەڵوێستی بە دارشتنێکی تر دەربڕیوە، ئەو وتوویەتی: (ئەگەر مانای گشتی، لەهەمانکاتدا مانایەکی کەسێتیش نەبێت، ئەوە هەرگیز مانا نییە... ئەگەر خواوەندێك لەئارادا هەبێ و ئەم رەواییبوونەی بۆ من، مانایەکی نەبێ و کارێکی بەدوا چارەنوسی منەوە نەبێت، ئەوە یەکسان نابێت بەهیچ شتێك، بەنەبوونی خواوەند نەبێت.)(٣)

کەوابێ لەگۆشەنیگای بوونگەرییەوە (شارەزایی) بە(ناوەکی)ێتیەکەی نەبێ، هیچ ناگەیەنێت (ناوەکی)ێتیش پرۆسەیەکی کاتیە، واتە مێژووییە، ئەمە وای لەهایدگەر کردوە بڵێت: (تەنها مرۆڤ خۆی مێژووییە. سروشت مێژوویی نییە). کرۆکی زەمانیش وەك هێراکلیتس ئاماژەی پێداوە، بریتی نییە لە بەردەوامی، بەڵکو گۆڕانە. ژیانیش گوزەران ناکرێ، واتە ژیان تێرو تەواو نابێ، تا زەمەنی تێدا نەوەستێ،

یان بە دەربڕینێکی تر، تا مردن ناوەڕۆکەکەی خۆی نەسەلمێنێ، لەبەرئەوە کەسی هاوچەرخ، خاوەنی مێژوە، تەنها لەبەرئەوەی رابردوی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی سەبارەت بە من زەمەن ئامادەیە، من سەر بە ئایندەمو شیاو (پۆسیبلێ- مومکین posibility)دەبم، کەواتە لەسەروی هەڵسەنگاندنی لەکۆتایی هاتنەوەم، تەنها بەمردنم ئایندەم دەبێتە رابردویەك، گەڕانەوەی نەبێ و مانای ژیانیشم بۆ هەتا هەتایە، بڕیار لێدراو دەبێ. (کامۆ)ش مەبەستی لەمە بوو کە لەڕۆمانی (روخان)دا وتوویەتی: (خەڵك بە بەهانەکانت و بەدڵسۆزیت و بەسەختیی ئازارەکەت قایل نابن، بەمردنەکەت قایل دەبن)(٤). ئەوەش شتێکی روونە، کە تۆ لەمردنتدا، ناتوانیت ببی بە شتێکی تری جیاواز لەوەی لەژیاندا، بوویت. مارکسیش دەبێت بەمارکسیزم هەر هێندەی کە مردن بکەوێتە نێوان خۆی و نێوانی گۆڕینی ئەو شتانەی وتوونی و کردونی، یان شتیان بخاتە سەر. لەم رووەوە سارتەر دەڵێ: (لەدوایین سنوردا، لەچرکەساتی ناکۆتا بچووکی مردنما، لەرابردوو بەولاوە چیدیکە نابم)(٥).

باشە ئەگەر رابردوو بەڕاستی مێژوویی بێت و ئایندەش ئەوەبێ، کە دەبێتە رابردو، ئایا (ئێستا)چی دەبێ؟

دەکرێ وا پێناسەی (ئێستا)بکرێ، کە ئەو خاڵەیە لەنێوان دووباری زەمەنیی دیکەدا دێت و دەچێ. لێرەدا گوزارەی (بوون) (الکون) وەك سازاندنی نێوانی ئەو شتانەیە (کە تا ئێستا هەبوون)و (دوایی دەبن) لێرەوە، وەك ئەوەی ڤێلهلم دیلتای رایگەیاندوە: (ئەم چرکە ساتەی ئێستا) رەوایی لەوانەوە وەردەگرێ کە (تا ئێستا) روویانداوەو دوایی روودەدەن.

ئەزموونی بەڵگەدار فێرمان دەکات و ئاگادرمان دەکات، کە چەند نارەحەتە بەبێ ئالۆزی، یان ریاکاری بژین و چەند مەحاڵە بتوانین لەپووچی و تەموومژی ژیانەی رۆژانەی خۆمان دەربازبین. لە دەربڕینێکی تردا، ئەزموون خۆیمان وەك کەرەستەیەکی خاوی بێشێوە بۆ نمایشدەکات، دوایی بەوە ماناو شێوەی خۆی وەردەگرێ، کە ئێمە لەزەمەندا لێی دوور دەکەوینەوەو ئەویش دەبێتە رابردویەك گەڕانەوەی نەبێت.

سەیر لەوەدا کە رابردوو ئەوەیە، کە مانا راستەقینەکەی ئەزموون، تەنها لەوەدا ئاشکرا نابێت، کە سەرلەنوێ (ئەو شتەی بەکردەوە روویدا) دابهێنرێتەوە، بەڵکو پێش هەموو شتێك، لەڕێگای لاکردنەوەی ناوەکیانەو بەرەو دواوە دەبێ بەرەووی ئەزموونندا، بەو مەبەستەی جارێکی تر تێیدا بژیتەوە.

بەمشێوەیە (رابردوو) نابێتە کالایەك، یان موڵکێك، یان شتێك کە لەدەستی مرۆڤدا بێت، وەك ئۆتۆمبێلێك، یان پارەیەکی دانراو لەبانکدا، بەڵکو دەبێتە ئەو شتەی، کە لە (ئێستا)دا هەیەو بە بەردەوامی و بەنەستی تێیدا دەتوێتەوە، لەبەر ئەوە بڕیار نییە، بەشێوەی رابردوو وەرنەگرێ، (٦) وەك ئەوەی (سارتەر) دەڵێت: (هۆی لاوازیم، لەوەی ناتوانم لەم چرکەیەدا ئەندازیار بم، ئەوەیە کە رابردوویەك منی بۆ ئەوە ئامادە کردوە ببمە مێژوونوس، بۆیە ئەگەر من بڕیار بدەم ئا لەم چرکەیەدا ببمە ئەندازیار، ئەوا ئەوەش هەر لەشێوازی داڕشتنی رابردودا دەکەم، چونکە ئەو بڕیارەم لەسەرووی دەسەلاتی بڕیارەکەوە دراوە)(٧). پوختەکە ئەوەیە، کە ئێمە ناتوانین رابردومان هەڵبژێرین، چونکە ئەو تێپەڕیوەو بە تێپەڕبوونی ئێستا لێرەیە، بەڵام رابردوش ئەگەرچی بڕیار لەوە دەدات، کە ئێمە ئێستا چۆنین، بڕیاری ئەوە نادات لەداهاتوودا چۆن دەبین.

ئەی ئایندە چۆنە؟ لێرەدا دەچینە فەزای ئازادییەوە، ئایندە ئەویە (ئەگەر ببێ)کە بە مانا بەخشین بە (جاران، یان بەهەبوو) پشتیوانی (ئێستا)دەکات. سارتەر دەڵێ: (ئەوە هەر ئایندەیە بڕیار دەدات، کە ئایا رابردوو زیندوە، یان مردوە)(٨)، بەڵام هایدگەر کە حەتمیەتی مردنی، وەك (شیانێکی رەها) وەرگرتبوو، ئایندەی لەو (ناکۆتایی)یەی رزگار کرد، کە هۆشی گشتی ئەوی پێ قورسکردبوو.(٩) بەمەش پشتێنەی ئەو ئازادیە دەردەکەوێ، کە ئایندە پیشانماندەدات، ئەو پشتێنەیە بەهۆی ئەو سنوردارییەوە دەردەکەوێ، کە شیمانە رەهاکە دەیهێنێ. هەمووشمان ئەوە دەزانین، بەڵام حەز دەکەین لەبیری بەرینەوە کە بەڕاستی کەس ناتوانێت مردن بناسێت، یان کەسێکی تر لەمردن دەرباز بکات، بەڵام لەدەرەوەی مردن، ئایندە ئازادیە، بەپێی پێناسەی ئەنتۆلۆژیانەش، ئایندە پلانە، هەمیشە گۆڕاوەکەو پێشبینیەکانی ئێمەیە، لەبواری کارو خاوەندارێتی و کەینونەدا، کەواتە (رابردوو)لەڕاستیدا لە پلانێك و پێشبینیەکی بەرەو ئایندە بەولاوە چیدیکە نییە، کاتێکیش کە ئایندە دێتە کایەی (بوون)ەوە، دەچێتە رابردوشەوەو دەبێتە ئەو مادەیەی کە مێژووی لێدروستدەکرێ. ئەمە بنچینەی روانینی بوونگەرایانەیە بۆ مێژوو، هەروەها روانینێکیشە ناوەڕۆکی راستەقینەی چەمکی (Erlebnis)ی دیلتایش ئاشکرا دەکات. چەمکی (Erlebnis) واتە سەرلەنوێ ژیانەوە لەڕابردودا، نەك وەك واقعێکی مردوو، بەڵکو وەك ئایندەیەك، کە بێتەدی بۆ نموونە (کۆنگرەی ڤیەناو سیستمی مەتەرنیخی

سالی (١٨٥١) لەچەند پلانو پێشبینییەکانی بۆ ئاینده بەولاوە، چیدیکە نەبوون، بەلام کە سالی (١٨٤٨) هاتو لەوسالەدا، لەچەند ولاتێکی ئەوروپیدا، شۆڕش روویاندا، پلانو پێشبینییەکانیش، بوون بەرابردوویەکی تەواوی لەگەڕانەوە نەهاتوو. بەم پێیە مێژوو تۆمارێکی رووداوەکان، یان سیستمێکی هزر، یان تێزێکی ژیان نییە، بەلکو جەرگەی مێژوو بریتییە لە ئەزموونێکی رابردوو، کە بۆ هەتا هەتایە جێگیربووە. ئەم ئەزموونە جێگیربووەش کە گەڕانەوەی بۆ نییە، مەگەر لەلایەن (ئێستا)وە لایەکی بەرەو (دواوە)ی لێ بکرێتەوە، کە تایبەت بێت بە (ئاینده)یەکەوە. کەواتە شتی مێژوویی، تەنها یەك چارەنووسی هەیە، ئەو چارەنووسەش شتێکی روانینی، وەچە یەك لەدوای یەکەکان، بەرەو ئاینده‌ی تایبەتی خۆیان بڕیاری لێدەدات.




بەدوای ئەمەدا بەشێوەیەکی سروشتی شتێك دێت، کە من بەئاماژەیەك نەبێ، باسم نەکردوە، ئەویش ئەوەیە، مانای رەوتی مێژوو، لەکۆتایی مێژوودا نەبێ ناناسرێ. ئەم هەلوێستەش، بێگومان پەیوەندی بە مەسەلەی ماناوە هەیەو بەڕوالەت نەبێ، خۆی لەبەهای میتۆدۆلۆژی نادات.

چ لەلای (یواکیم فلۆرمی)ی سەدەی دوانزە بێت، یان لەلای (ئیبن خەلدون)ی سەردەی چواردە بێ، یان (فیکۆ)ی سەدەی حەڤدە یان (فۆن رینکە)ی سەدەی نۆزدە، یان (تۆینبی)ی سەدەی بیست رووبەڕووبونەوەی (جاران)و بەخشینی مانا، یان تێز، یان کۆتایی بەکارەکان و قسەو رووداوە مێژووییەکان، چەند حوکمێکن، پەیوەندییان بەو رەوشەوە هەیە، کە تێیدا وتراوە، یان تۆمارکراوە.

لەدەربڕینێکی تردا، لەبەرئەوەی مێژوونوس خۆی مێژووییە، واتە لەبەرئەوەی مێژوو بەئاینده‌ی خۆیو بەکۆمەلگەی خۆیو بەجیهانی خۆی رۆشندەکاتەوە، هەمیشە مانای رابردوو بەکاتیو بەهەلبەستراوی دەمێنێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر کردەیەکی کۆمەلایەتی لەکاتێکی نزیکدا، وەك پرۆژەیەکی نوێ لەولاتە یەکگرتووەکاندا، ئێستا دەست پێبکات، ئەوا سەرلەنوێ چاو خشاندنەوەیەکی بنەڕەتی لەلایەن مێژوونوسانی ئەو وەچەیەوە، بۆ ئەو کردەیە دەکرێ، کە بەئەزموونی ئەو کردەیەدا تێپەڕیوون. ئیتر پێشبینی چ دوا حوکمدانێك بکەین، سەبارەت بەچەند رووداوێکی رابردووی، وەك ئەو غەزوە بەربەرییەی، کە هەرەسی رۆمای لێکەوتەوە، یان راگیرانی زەحفی ئیسلامی بەرەو دەروازەکانی پاریسو ڤییەنای لێکەوتەوە؟

حەز کردنەکانی سەدەی نۆزدە لەڕووداوو واقیعەکان، کاردانەوەیەکی رەوایانە بوو بۆ، ئەو وادانانەی کە (مێژوو ئامرازێکی رۆشنبیرکردنی ئاکارییە) بۆ گەڕان بەدوای جێگیریو دلنیاییدا، تەنانەت ئەگەر ئەوە لەسەر حسابی تەنگەتاو کردنی گەڕانو وردکاری کردنی مێژوویش بێت، بەلام ئەو کێشە سەرەکییەی کە مێژوونوسانی سەدەی نۆزدە لێی هەلگەڕانەوە، بەڕاستی کێشەیەکی مێژوویی نەبوو،بەلکو فەلسەفی بوو. لەبز چینەی هەلوێستی ئەزمونگەریشدا (ئیمبرلکی) گریمانێکی وادروست بووە، کە کەنالێکی هەمیشەیی لەنێوان ئەبستمۆلۆژیاخواز، یان خاوەنی ئەبستمۆلۆژیاو بابەتی ئەبستمۆلۆژیاکەدا هەیە، هەروەها ناسینی بابەتیانەی (ئەوەی چی روویداوە) بەجیاو بەسەربەخۆ بوون لە (عارف، واتە زانا) یەکسانە لەنێوان یەقینی ئەبستمۆلۆژیای مێژوویی و



بابەتكاریەكەی زانستە سروشتكاریەكاندا. بەمشێوەیە



هایدیگەر

مێژوو بووە بەزانستی، بەو مانایەی، كە خەمی سەرەكی مێژوو، سەلماندنی رووداوەكانەو وازهێنانیانە، بۆ ئەوەی (خۆیان قسەبكەن).

ئەو گومانكاریەش، كە لەفەلسەفەی وەزعی (پۆزیتیڤیزم) لەبواری فەلسەفیدا دۆزیویەتیەوە، ئەویش لاواز نەبووە لەوەی كە لەبواری مێژوویدا بگاتەوە بەهەمان ئەنجام. ئەوەتا لە سەلماندنی راستیی رووداوەكاندا، لەپشتێنەی تەنگی خۆیاندا، مێژوونوسەكان توانیویانە لەبواری مێژوودا، هەست بەدڵنیایی و ئاسایش بكەن، ئەمە مەسەلەیەكە، تا ئاستێكی زۆر سەركەوتنی قوتابخانەی (فۆن رانكەی)ی مێژوونوس رووندەكاتەوە. كیركەگۆر هێرشی كردۆتە سەر مەبەستداریەكەی هیگل و پتر لەوەی كە بەوە تاوانباری بكات، كە بەهەڵدا چووبێت، بەوە تاوانباری كردوە كە (ئەبستراكت، موجەرەد)كاریی كردوە، هەروەها نیچەش هێرشی كردۆتە سەر بەرهەمی مێژوونوسە (وامعییەكان)و بەرهەمەكەیانی وا باسكردوە، پووچ و پیسەو كورتی هێناوە.(١٠) بۆیە ئەوەی لەهەردوو بارەكەدا بابەتی تێڕامان بووە، مەسەلەی سەلماندنی راستییەكان، یان دروستیە بابەتیەكایەن نەبووە، بەڵكو مانای فەلسەفەو مێژوو، پەیوەندی هەردووكیان بووە بەژیان و بە (بوون)ی گوزەرێنراوەوە.

لەوانەیە تاكە مێژوونوس لەسەدەی نۆزدەدا، كە هەڵوێستێكی میتۆدۆلۆژیانەی بەرامبەر بەمێژوو وەرگرتبێ و لەو هەڵوێستەی ئەوەوە تێڕوانینی بوونگەریانە بۆ مێژوو بەڕوونیەكی تەواو دەركەوتبێ و سەریهەڵدابێ (ڤیلهێم دیلتای)بێ، كە ئەویش وەك كەسانی تری هەڵگەڕاوە (موتەمەرید)ی وەك ئێستا كارەكانی كەوتوونەتە ئەوەی كاری خۆیان بكەن. ئەو بەبێ ئەوەی بنچینەی ئەزموونگەریانەی ئەبستمۆلۆژیای مێژوویی رەتبكاتەوە، ئەوەی سەلماندوە كە ئەزموونی ناوەكیانە، وەك بنەمایەك بۆ تێگەیشتنی مێژوو، لەپێشەو سەرەكییە. لەم رووەوە دەڵێ: (تواناو فراوان بوونەوەی ژیانی ئێمەو زیندوویی رەنگدانەوەی بیركردنەوەمان لەسەر ژیان، هەردووكیان بنچینەی روانینی مێژووین. هەر تەنها ئەویشە وامان لێدەكات كە بتوانین ژیانێكی تر بدەین بەسێبەرە نووقمبووەكانی رابردوو).(١١)

رەنگە ئەو بەشدارییە هزرییەی، كە دیلتای پێشكەشی كردوە، پتر لەوەی كە دیسپلینێكی رێكخراوی نوێی بۆ راڤەكردنی مێژوو داهێناوە، ئەوەبێ كە چەند بنەمایەكی نوێی بۆ گەشتنی ئێمە بە ئیشكالیەتی تێگەیشتنی مێژوو داهێنابێ. هەڵوێستە سەرەكییەكەی لەوەدا بووە، كە ئینكاری شیاوی جیاكردنەوەی مانای راستیی مێژوویی لەكاری ئەزموونی ناوەكی كردوە، ئەوەش هەڵوێستێكی بنەڕەتییە، لەو چاخەدا كە نەزعەی زانستی تێیدا گەشتۆتە لووتكە، ئەو بە هەڵوێستێكی شۆڕشگێڕانە دادەنرێ. بەدیدی ئەو تێگەیشتنی مێژوویی پرۆسەیەكی سەرلەنوێ بیركردنەوەی تێگەیشتنمانە لەمێژوو، دروستكردنەوەو زیندوكردنەوەی (auchl-snlebn)ی رابردوە، لەمیانەی هزرو ئەزموونە كاراكانی رابردووی مێژووییەوە. كەوابێ (ڕاستی- رەوایی- الحقیقە) ئەگەر (ناوەكییانە innwerden) لەئەزموونێكی، گوزەرێنراودا تێبگەین، ئەوا ئیشكالیەتی خۆی تێدەپەڕێنێ، بەوەی كە سەلماندنی ئەزموونگەری دەكاتە زەمینەی پراكتیزەكردنی خۆی.

دیلتای بە ئینكاركردنی هاومانا بوونی هەڵوێستی (دوراو دوورخراوەیی)و هەڵوێستی (بابەتی) دێت، لەیەك كاتدا نێوانی هەڵوێستی ئەزموونگەری و هەڵوێستی ئەزموونی گوزەرێنراو سازدەكات و یەكیاندەخات، وەك سوپەرێك بۆ تێگەیشتنی مێژوویی.

دیلتای بەبێ ئەوەی پشتێنەیەكی دیاریكراو بۆ توێژینەوەو لێكۆڵینەوە دیاریبكات، یان بەبێ ئەوەی

پێشنیاری چەند شێوازێکی میتۆدۆلۆژیانەی ورد بکات، بواری بۆ پرەنسیپە کیرکەگۆرییە خۆشکردوە، کە دەڵێ گەڕان بەدوای رەواییدا کارێکی (تەقریبییەو کۆتایی نایەت). ئا لێرەوەیە، کە دەبێ هەمیشە لەخوێندنەوەی دیلتادا ئاگات لە ئاماژەو دووری‌و ناپێوەری بێت لەمێژوودا، چونکە بابەتی شیاوی تێگەیشتن تەوێڵی کاروانی گشتگیریی مێژوو نییە، بەڵکو توێڵی ئەو چرکە ساتانەیە، کە بەڕاستی پەیوەندییان بەهەموو بارە بوونگەرییەکانی مرۆڤەوە هەیە.

نەرمی هەڵوێستی دیلتای دەگەڕێتەوە بۆ پەیرەویکردنی زهنیی، لەوەی کە تێگەیشتنی مێژووییش، وەک تێگەیشتنی ئاوەزکاری، لەبنەڕەتەوە مەسەلەیەکی زەینکارییە.

وەک ئەوەی کە بەهانە لۆژیکی‌و بەرئەنجامییەکان، تەنها ئامرازگەلێکن، بە زەینکاریی ئاوەزکاری دەگەن، ئاواش رێنوێن‌و سەلماندنەکان، تەنها ئامرازگەلێکن، کە بەزەینی مێژوویی دەگەن. لەتێگەیشتنی ئاوەزکاریدا، کاتێک دەگەیت بەزەین، هۆو بەهانەکان وەک کۆمەڵە رێگاو شێوازێک دەردەکەون، کە دەکرێ بۆ گەیشتن بەم (زەین)ە بگۆڕدرێن، بەڵام ئەگەر پێی نەگەیت، ئەوا ئەم هۆو بەهانانە، تەنها وەک کۆمەڵە مەشخەڵێك دەمێننەوە، کە ئاماژەن بۆ زەینێك (هیچ نەبێ لەئێستادا) پێگەیشتنی ئەستەمە. ئەمەش وا لەمێژوونوس دەکات، کە بڵێت هەوموو رووداوەکان، بە بەڵگەنامەو رێنوێنەکانیشەوە


کیرکەگۆر

خۆیان لەخۆیاندا لە کۆمەڵە ئامرازێکی سەرەتایی بۆ هەستکردن بەڕاستی مێژوویی (هەستکردنێکی رێژەیی) بەولاوە چیدیکە نین.

لەوانەیە ئەوە راست بێت بڵێیت، لەپشتی هەوڵە لێبڕاوەکانی سەدەی نۆزدەوە بۆ گەیشتن بە سەلماندنی زانستی، پێویستی دەستگرتن بەجیهانێکەوە حەشار درابێ، کە ئەو جیهانە لەسەر چەند شتێکی گشتی بێشوومار راوەستابێ، بەڵام هەمیشە بەسەر لێواری گێژاوی گومان‌و نائومێدییەوە، گزنگی هیواو ئاوات هەیە، بۆیە لەتواناماندا نییە، لەم راستییە هەڵبێین، کە بوونەوەری زیندو، ناتوانێت خۆی لێ لابدات. ئەمجا لەبەر ئەوەی ئێمە لەزەمەندا دەژین، کۆمەڵە کێشەو مەسەلەیەک دەهێنینە (بوون)ەوە،

کە چارەسەرەکەیان لەسەرووی توانای ئێمەوەیە، کۆمەڵە ئامانجێك لەپێش خۆمانەوە دادەنێین، کە پێگەیشتنیان لەسەرووی توانای خۆمانەوەیە، بۆیە ئێمە کە لا دەکەینەوە بەلای رابردوودا، تێیدا یەکەیەکی تەواو، یان رێنوێنێکی سازو ئامادە نابینین، کە هەنگاوەکانی بوونمان لەزەمەندا راستو دروست ئاڕاستە بکات، هەروەها لەگۆڕینی هەڵوێستیشماندا بەرامبەر بەڕابردوو، لە حوکمدانماندا لەسەر رابردوو، یان راگراتی حوکمەکەمان لەسەری، ئەوەندەی کە راستی (بوون)ە کاتییەکەی خۆمان ملی رێگامان پێدەگرێ، ئەوەندە دیسپلینکاریو لایەنگریی سۆزداری ملی رێگەمان پێناگرێ، لەبەرئەوە کاتێك کە (لاوان) دەبنە فەرمانڕەوا، ئەم جیهانە رەوتەنییە لەلای من، مانایەکی نوێ وەردەگرێ، کەواتە منیش وجیهانیش هەردووکمان گۆڕاین، بەڵام کەس لەناو منـــــــــــــــــــــــــــدا، یان لەجیهاندا بۆ ماناو بۆ ئاوات ناگەڕێت، بەڵکو لەو پەیوەندیەدا بۆی دەگەڕێت، کە لەنێوان منو جیهان، لەناو زەمەندا دروست دەبێت.

(هزری بوونگەری) بەم موفارەقەیە کۆتایی پێدێت: ئێمە هەین، بۆ ئەوەی لەزەمەندا بژین، هەروەها بۆ ئەوەیش، کە رووداوەکانی رۆژی خۆمان، بەدووربینی ئەزەل ببینین.

کەوابێ ئەستەمە، فەرامۆشکردنی مرۆڤ لەوجیهانەدا، کە دیلتایو نیچەو هایگەرو سارتەرو کامۆ دایانهێناوە، بۆ هەر کوێ بڕوات لەخۆی بەولاوە کەسی تر ناگرێتەوە، رەنگە ئەمە لەبەرئەوە وابێ، کە مرۆڤ خۆی جیهانێکی خەمۆکە. ئەمجا بەوازهێنانی (دیلتایو نیچەو هایدگەرو سارتەرو کامۆ) لە (قەڵەمبازی بڕواداری)و پاشت لەبانگەشەی ئەو بینینو سەیرکردنە باڵایەی مێژوو کە (ئۆگستینۆسو باسکاڵ) دەیانبینی، وا لەسەریان پێویست بوو کە مرۆڤ وەك (ئارەزویەکی بێ کەڵك futile passion)و وەك بوونێکی تاکانەو ناو کۆمەڵێکی بێ سیما وەربگرنو پەسەن بکەن، بەڵام دەبێ ئەوەمان لەیاد نەچێت، کە ئەوان سەبارەت بە چاخەکەی خۆیانو لەبەرامبەر ئەو وێرانەیەی، کە دەووری دابوون، هەر ئەوەنەبوونکە ئامادە نەبوون مل بۆ عەدەمیەتو نائومێدی کەچ بکەن، بەڵکو ئالودەی روانینێکی قووڵی ئازادانە بوون، کە ئەویش روانینی مرۆڤە ئازادانەو بەتەنها بەپێوە راوەستابێت لەناوەندی جیهانێکدا، کە سیماکانی گۆڕاون، بەڵام هێشتا وەك جیهانێك ماوەتەوە، کە جوانیەکی سەیری هەیە.

## پەراوێزەکانی نووسەر:


١. sorn kierkegard, concluding unscientific postcript, tr. Swenson (princeton ١٩٤٤),p.١٠٩ .
٢. J-P sartre, l'etre et le neant: Essai d'ontologic phenomenologiq, (paris, ١٩٩٤),p.٣٧٠ .
٣. Nicolas Berdioyev, the beginning and the end (London.١٩٥٢ )p.٢٢٩.
٤. Albert Camus, La chute (paris, ١٩٥٦)p.٨٨ .
٥. J-P sartre,l'etre et le neant ,p.٥٨ .
٦. Wilhelm Dilthey. Gesamelte Schiften . (stutt gart, ١٩٩٨) VII, p,١٩٤.
٧. J-P sartre,l'etre et le neant ,p.٥٧٧ .
٨. J-P sartre,lbidem .
٩. J-P sartre,l'etre et le neant ,p.٥٨٠ .
١٠. Martin Heidegger, on the Essence of truth Existence and being. Tr. R.F.C. hull amd Alan crick (Chicago, ١٩٤٩). P.٣٣٦.ff.
١١. Fredrich Nietzche, (Vom nutzn znd Nachteil der Historie fur das lebon, unzeitgemmesse Betrachtunges), in the philosophy of wilhelm Dilthey (London,١٩٥٢ ),p.٢٧٠ .


---

*بوونگەری بەمانای (وجوودیەت) نەك بونیادگەریی (البنیویه)و.ك.

سەرچاوەی وەرگێڕان: رۆژنامەی (النهار) رۆژی هەینی ٢١/ کانونی یەکەم ٢٠٠١
ترجمه عن الانجليزيه: محمود شريح.